# Legitimacy of practical disruption of the constitution according to international standards: the 2005 Iraqi constitution as an example

**Sharee Khaled Marouf Nanekli[1], Omed Safari Hassan[2]**
Department of Law, Faculty of Law, Political Sciences and Management, Soran University, Erbil, Kurdistan Region – Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2693KRS.16*

*Published:26/4/2026*

## *Abstract*

*Constitutional rules sometimes encounter circumstances that make their application impossible. The severity of these circumstances varies depending on the degree of their impact on security, the state's existence, and its territorial integrity. To confront these exceptional circumstances, rulers take special measures to address these situations and risks that negatively impact the permanence and supremacy of constitutional rules. This is done by suspending part of the constitution for a specified period, in accordance with the procedures and provisions contained in the constitutional document. This is called formal or natural suspension. However, sometimes constitutions are suspended, in whole or in part, by rulers without a constitutional text. To address the situation imposed by reality, rulers are forced to resort to this suspension. Since this suspension is not based on a constitutional basis, it becomes an informal and illegitimate suspension, similar to political suspension and de facto suspension. This contradicts the general principle of international law, which considers de facto suspension illegitimate because it conflicts with the rule of law, democracy, and human rights. It constitutes a violation of human rights and destabilizes the political and social situation within society.*

***Keyword**: suspension, constitution, amendment, abolition, actual, official*

# ڕەوایەتی پەکخستنی کردەیی دەستور بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان (دەستوری عێراقی ٢٠٠٥ وەک نمونە)

پ.ی.د. شاری خالد معروف نانەکەلی.(Sharee.marouf@soran.edu.iq)
د. ئومێد سەفەری حەسەن ( Omed.hassan@soran.edu.iq)
بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران.
هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق

پوختە
ڕێسا دەستورییەکان هەندێک جار ڕووبەڕووی هەلومەرجێک دەبنەوە، کە جێبەجێکردنیان ئەستەم دەکات، مەترسی ئەم هەلومەرجانەش بە پێی ڕادەی کاریگەرییان لەسەر ئاسایش و قەوارەی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکەکەی دەگۆڕێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخە تایبەتانە، دەسەڵاتداران ڕێوشوێنی تایبەت دەگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخانە و مەترسییەکانی، کە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر مانەوە و باڵادەستی ڕێسا دەستورییەکان هەیە، ئەویش لە ڕێگای پەکخستنی بەشێکی دەستور بۆ ماوەیەکی تایبەت، بە پێی ئەو ڕێکار و برگانەی لە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەی دەستوریدا هاتوە، ئەمەش ئەوەیە، کە پێی دەوترێت پەکخستنی فەرمی یان سروشتی .
بەڵام هەندێک جار دەستورەکان هەمو یان بەشێکی دەستور لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پەکدەخرێن بەبێ بوونی دەقێکی دەستوریی بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەی، کە واقیع سەپاندویەتی بە جۆرێک دەسەڵاتداران ناچار دەکات پەنا بۆ ئەو پەکخستنە ببەن، بەو پێیەی ئەم پەکخستنە بنەمایەکی دەستوری نییە، ئەوا دەبێتە پەکخستنێکی نافەرمی و ناڕەوا، وەکو پەکخستنی سیاسی و پەکخستنی کردەیی .
ئەمەش پێچەوانەی ئەم بنەما گشتییەیە لە یاسای نێودەوڵەتی، کە پەکخستنی کردەیی بە ناڕەوا هەژمار دەکات لەبەرئەوەی پێچەوانەی سەروەری یاسا و دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤە، دەبێتە دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانی مرۆڤ و سەقامگیری بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

وشە کلیلیەکانی توێژینەوە: پەککستن، دەستور، هەموارکردنەوە، ڕەتکردنەوە، کردەیی، فەرمی

پێشەکی

پەکخستنی دەستور بە واتای ئەوە دێت، کە بەشێک یان هەمو بنەماکانی دەستورێک یان حوکمێکی دەستوری عورفی پەکدەخرێن و کاری پێ ناکرێت، زانایانی بواری یاسای دەستوری جیاوازی دەکەن لە نێوان دوو جور پەکخستنی دەستور، یەکەمیان پێی دەوترێت پەکخستنی فەرمی، کە بریتییە لە ڕاگرتنی کارکردن بە بەشێک یان هەموو بنەما دەستورییەکان دوای ئەوەی، کە بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن ئەو دەسەڵاتەی، کە لە دەستوردا ڕێگای پێ دراوە ڕادەگەیەندرێت، جۆری دووەمیان ئەوەیە، کە ئێمە لەم توێژینەوەماندا تیشکی دەخەینە سەر، بریتییە لە پەکخستنی سیاسی یاخود کردارەکی بنەما دەستورییەکان، کە بریتییە لە ڕاگرتن یاخود کارنەکردن بە هەندێک یان هەموو حوکمە دەستورییەکان بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی ڕابگەیەندرێت، ئەوەی ئێستا لە کۆماری عێراقی فیدراڵ دەگوزەرێت بریتییە لە جۆری دووەمی پەکخستنی کردەیی بەشێک لە مادەکانی دەستوری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥)، بەتایبەت ئەو مادانەی، کە پەیوەستن بە مافی نەتەوەی کورد لە عێراقدا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێچەوانەیە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ.

یەکەم : ئامانجی توێژینەوە :

گومان لەوەدا نییە، کە نوسینی هەر توێژینەوەیەکی زانستی مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی لە پشتەوەیە، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لە لایەک بریتییە لە دیاریکردنی پەکخستنی سیاسی و کرداری دەستور بە پێی پێوەرە نێودەڵەتییەکان، لە لایەکی تر دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی پەرتوکخانەی یاسایی بە زمانی کوردی لەسەر بابەتی پەکخستنی دەستور.

دووەم: کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە دیاریکردنی ڕەوایەتی پەکخستنی کردەیی بەشێک لە حوکمەکانی دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بە پێی پێوەرە نێودەولەتییەکان، کە بوەتە هۆی ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی و یاسایی نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی فیدراڵی .

سێیەم : پرسیاری توێژینەوە:

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان بریتییە لە:

-ئایا پەکخستنی کرداری دەستور ڕەوایەتی هەیە؟ ئەمەش چەندین پرسیاری لاوەکی لێدەکەویتەوە، کە بریتین لە:

-ئایا مەبەست چییە لە پەکخستنی دەستور؟

-جورەکانی پەکخستنی دەستور چین؟

-ئایا دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراقی چ جۆرە پەکخستنێکی دەستوریان ئەنجامداناوە؟ ئایا لە ڕووی یاسایی دەستوری ڕەوایە؟

-ئایا پەکخستنی کرداری ڕەوایەتی هەیە بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان؟

چوارەم : میتودی توێژینەوە:

به مەبەستی نوسینی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بەستوە بە میتودی شیکاری بەراوردکاری، تێگەی پەکخستنی دەستور شیکراوەتەوە بە پشت بەستن بە ڕای زانایانی بواری یاسایی دەستوری و بەراوردکردنی دۆخی سیاسی و دەستوری عێراق، بە مەبەستی دیاریکردنی جۆری پەکخستنە دەستورییەکان، هەروەها بەراوردمان کردوە لەگەڵ دەستوری وڵاتانی تر و پێوەرە نێودەڵەتییەکان، بۆ ئەوەی ڕایەکی ڕاست و دروست بەدی بهێنین بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم پرسە.

پێنجەم: پەیکەری توێژینەوە:

به مەبەستی نوسینی ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕەوایەتی پەکخستنی کردەیی دەستور بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان) وامان بە باش زانیوە، کە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشی بکەین، لە بەشی یەکەمدا باس لە تێگەی پەکخستنی دەستور دەکەین، لە بەشی دووەمدا باس لە جۆرەکان و ڕەوایەتی پەکخستنی کرداری دەستوری دەکەین.

## بەشی یەکەم

### تێگەی پەکخستنی دەستور(The suspension of the constitution)

گومان لەوەدا نییە، کە دەستور بەرزترین بەڵگەنامەی شکودارە و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان و جۆر و شێوەی حوکمڕانی لە دەوڵەتدا دیاری دەکات، سەرەڕای دیاریکردنی ماف و ئەرکەکان بە گوێرەی پرەنسیپی سەروەری یاسا. ئەو کاتە یاسا سەروەر دەبێت، کە ڕێز لە مافە دەستورییەکان بگیرێت و هیچ دەسەڵاتێک هێزی لە سەروی دەستورەکە نەبێت، کارنەکردن بە دەستور ئەگەر بە پاساوێک بێت، کە دەستور خوی ڕێگای پێ داوە، ئەوا لە ڕووی یاساییەوە ڕەوایەتی دەبێت، بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی ڕوخاندنی پرەنسیپی سەروەری یاسا، بە هۆی کاریگەری پەکخستن لە سەر بنەماکانی دیموکراسی و سەروەری یاسا.

جێگای باسە تێگەی پەکخستنی دەستور لە نێوان زانایانی بواری دەستوری تاکو ئێستا مشتومڕێکی زۆری لەسەر هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەم بابەتە، بۆیە وامان بە باش زانی ئەم بەشە دابەشی سەر دوو باس بکەین. لە باسی یەکەمدا پێناسەی پەکخستنی دەستور دەخەینەڕوو، لە باسی دووەمدا جیاوازی پەکخستن لەگەڵ دەستەواژە لێک چووەکان دەخەینەڕوو.

## باسی یەکەم

### پێناسەی پەکخستنی دەستور

بۆ دیاریکردنی واتای پەکخستنی دەستور، وامان بە باش زانی سەرەتا لە ڕووی زمانەوانی واتاکەی باس بکەین، دواتر لە ڕووی دەستەواژەییەوە ئەم چەمکە پێناسە بکەین، هەروەک لە خوارەوەدا هاتووە:

یەکەم: واتای پەکخستن لەڕووی زمانەوانیەوە:

له فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی، (السعدي، 2012، صفحة 440 )، (الانصاري، 1956، صفحة 453 )، (الفيومي، 1950، صفحة 66) دا هاتوە، کە وشەی پەکخستن بە واتای وازلێهێنان دێت هەروەک دەڵێت (کێڵگەکەی پەکخست) واتا وازی لێهێناوه و چیتر کشتوکاڵ و چاندنی لە ناو ناکات. هەروەها خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (واذا العشار عطلت) (القرآن الكريم، سورة التكوير، الاية 4) و هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: (وبئر معطلة و قصر مشيد) (القرآن الكريم، سورة الحج، الاية ٤٥) واتە ئەو بیرەی، کە وازی لێهێنراوە و تەرک کراوە.

له بواری یاساییەوە وشەی پەکخستن بە تایبەت لە بواری دەستوری بە واتای ڕاگرتنی کارکردن بە دەقە دەستورییەکان دێت، سەرەڕای ئەوەی لە دەستوری هەر وڵاتێکدا بە جۆرێک ناوزەدکراوە، بۆ نمونە لە دەستوری تورکیای ساڵی (1982) و دەستوری سودانی ساڵی (1988) وشەی هەڵواسینی دەستوری بەکارهێناوە(suspension) ، کەچی لە دەستوری یوغسلافیای ساڵی (1963) و دەستوری جەزائیری وشەی (ڕاگرتن یاخود ڕاگرتنی کارکردن بە دەستوری) بەکارهێناوە، بەڵام لە زۆرینەی دەستورەکان وشەی (پەکخستن) بەکارهاتوە، وەک دەستوری عێراقی (2005)، دەستوری ئەڵمانی (1919)، دەستوری هیندی (1949)، دەستوری کوێتی (1962)، دەستوری ئیماراتی (1971)، دەستوری قەتەڕی (1972) و دەستوری بەحرێن (1973) و هەموو ئەم چەمکانەی بەکارهێنراون لە بری وشەی پەکخستن هیچ کاریگەریەکی نییە لەسەر کرۆکی واتاکەی، هەرهەموویان واتای کارنەکردن بە دەقە دەستورییەکان دەگەیەنن جا یان بە بەشێکی یان بە هەموو دەستورەکە.

دووەم: پەکخستنی لە ڕووی دەستەواژە یاخود چەمکەوە:

گومان لەوەدا نییە لەبەر جیاوازی لە گۆشەنیگای سەیرکردنی واتای پەکخستن، زانایانی یاسای دەستوری کۆک نین لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو، بەشێک لە زانایان تەنها هاتوون جۆرەکانی پەکخستنی دەستوریان باسکردووە بەبێ ئەوەی واتا ڕاستەقینەکەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس بکەن، ئەمانەش پیان وایە، کە دەستور پەکدەخرێ لە هەموو بارودۆخێکدا کاتێک خودی دەستورەکە دەبێتە کۆسپێکی یاسایی بەرانبەر بە بەرجەستەکردنی ئامانجی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت (العاني، 1991، صفحة 191)، و هەندێکی تر (الساعدي، 1990، صفحة 137) تەنها ئەوە دەڵێن: کە پەکخستنی دەستور یان هەموو دەستورەکە لەخۆ دەگرێت یان بەشێک یان چەند مادەیەکی دەستور لەخۆ دەگرێت و دەڵێن: پەکخستن یان بە شێوەیەکی فەرمی دەبێت ئەگەر هاتوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە ژێر ڕۆشنایی دەستورەکە خۆی بڕیاریان لەسەردا یاخود بە شێوەی کردەیی یان کرداری دەبێت کاتێک دەسەڵاتدارانی دەوڵەت واز لە پەیڕەوکردنی بەشێک یان هەموو دەستورەکە دەهێنن. یاساناسانی دەستوری ئاماژە بەوە دەکەن (نعمة، 1990، صفحة 262) دەڵێن: پەکخستنی کردارەکی زۆر بە ئاشکرا بە دیار دەکەوێ کاتێک بەراورد لە نێوان دۆخی سیاسی دەوڵەتێک دەکەی لەگەڵ دۆخە دەستورییەکەی. لە ئەنجامی خستنەڕووی ڕای

ئەم یاساناسە دەستورییانە ئەوەمان بۆ بە دیاردەکەویت، کە بەشێک لە زانایانی بواری یاسای دەستوری خۆ لە پێناسەکردنی چەمکی پەکخستن نادەن و تەنها هاتون باسی جۆرەکانیان کردووە. جێگای باسە لە لایەکی تر کۆمەڵێک یاساناسی دەستوری هەوڵی پێناسەکردنی پەکخستنیان داوە بە پشت بەستن بە کرۆک و لایەنە بابەتییەکەی چەمکی پەکخستن، هەندێک لە یاساناسان (علي، 1987، صفحة 74) پیان وایە پەکخستن بریتییە لە توانای دەستێوەردانی سەرۆکی دەوڵەت لە بواری دەستوری کاتی پەیرەوکردنی ئەو مادانەی پەیوەستن بە بارودۆخی زەرورەوە، کە دەستور ڕێگای پێدەدات کار بە هەندێک لەو مادانە نەکرێت لەم ماوەیەی، کە دەوڵەت ڕووبەڕووی قات و قوڕی دەبێتەوە. هەندێکی تر (الدراجي، 2009، صفحة 6) پێناسەی دەکەن و دەڵێن: بریتییە لە وازهێنان لە دەقە دەستورییەکان و ڕاگرتنی کارکردن بە بەشێک یان هەموو دەستورەکە بۆ ماوەیەک، کە بۆی هەیە درێژ خایەن یا کورت خایەن بێت، هەرچەندە ئەم دەستورە تاکو ئێستا بەرکارە و هەموارنەکراوەتەوە و ڕەتنەکراوەتەوە، کە ئەمەش دەبێتە ڕیزپەڕێک لەسەر پرەنسیپی باڵایی دەستور و پرەنسیپی ڕەوایەتی، لە ئەنجامدا دەبێتە سەرپێچی بۆ ئەم دوو پرەنسیپە، بەڵام زۆرینەی یاساناسانی بواری یاسای دەستوری (الطماوي، 1988، صفحة 257)، (الحلو، 2005، صفحة 256)، (د. الجمل، 1988، صفحة 152)،(د. عمر.خ،٢٠٢٢، صفحة ،١٠٩١) ڕایان وایە، کە مەبەست لە پەکخستنی دەستور دیاریدەکرێت بەوەی، کە بریتییە لە ڕاگرتنی کارکردن بە هەندێک لە دەقە دەستورییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو .

پاش خستنەڕووی ئەم پێناسانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین پەکخستن بریتییە لە کارنەکردن بە هەموو یان بەشێک لە بنەما دەستورییەکانی دەستورێک بە شێوەیەکی کاتی. پاڵپشت بەم پێناسەیەی خستمانەڕوو دەتوانرێ بگوترێت، کە ڕەگەزەکانی پەکخستنی دەستور بریتین لە وازهێنان لە پەیرەوکردنی بنەما دەستورییەکان، ڕاگرتنی کارکردن پێیان و لادان لە پەیرەوکردنی بنەما دەستورییەکان یاخود پەیرەوکردنی بنەما دەستورییەکان بە شێوەیەک، کە هەمان ئەو واتایە نابەخشێت، کە لە دەستوردا نوسراوەتەوە.

زور جار دەبینرێ سەرۆکی دەوڵەت کاتێک دەسەڵاتەکانی خۆی بەکاردەهێنێ بەرەو ئاراستەیەک گوزەر دەکات، کە دۆخێکی سیاسی بخوڵقێنێت جیاواز لەم دۆخە دەستورییەی، کە لە دەستوردا نوسراوەتەوە و ڕێگای پێدراوە، بە واتایەکی تر دەبێتە سەرپێچییەکی ڕوون و ئاشکرای ماک و کرۆکی دەقە دەستورییەکان، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەش وەک ئەوە وایە، کە دەقێکی دەستوری نەنوسراو بێتە ئاراوە بێ ئەوەی لە دەستوردا ئاماژەی پێکرابێت.

لە لایەکی ترەوە لادان لە پەیرەوکردنی بنەما دەستورییەکان لەم واتایەی، کە دەیبەخشێت دەبێتە هۆی دروست بوونی هەندێ بنەمای دەستوری نوێی نەنوسراو، لەبەرئەوەی پەیرەوکردنی بنەمایەک بە شێوازێک، کە جیابێت لە واتا ڕاستەقینەکەی وەک ئەوەی لە دەستوردا نوسراوەتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دوو واتای جیاواز بگەیەنێت، بۆیە بۆ دەقێکی دیاریکراو، کە ئاراستەی پەیرەوکردنیان هەر یەکە و بە لایەکدا گوزەر دەکات.

باسی دووەم

جیاوازی پەکخستن لەگەڵ دەستەواژە لێک چووەکان

پاش ئەوەی باسمان لە تێگەی پەکخستن کرد گوتمان بریتییە لە کارنەکرکردن یان ڕاگرتنی کارکردن بە دەقێکی دەستوری بۆ ماوەیەکی کاتی ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەم دەقە دەستورییە سڕاوەتەوە و چیتر ناتوانرێ کاری پێ بکرێت، بەڵکو بە تێپەڕبوونی ماوەی ڕاگرتنی کارکرن بەم دەقە دووبارە بەرکار دەبێتەوە و پەیڕەو دەکرێتەوە. بە پێچەوانەی هەموارکردنەوە و ڕەتکردنەوە، کە دەبێتە هۆی کوتاییهێنان بە دەقە دەستورییەکان، بۆیە لە پێناو ڕونکردنەوە و جیاکردنەوەی پەکخستن لە هەر یەک لە هەموارکردنەوە و ڕەتکردنەوە و کوتاییپهێنان، وامان بە باش زانی، کە یەک لە دوای یەک، وەک لە خوارەوەدا هاتوە بیانخەینەڕوو:

یەکەم: جیاکردنەوەی پەکخستنی دەستور لە هەموارکردنەوەی ( The amendment) دەستور:

پەکخستنی دەستور واتا ڕاگرتنی کارکردن بە بەشێک یان هەموو دەستور بۆ ماوەیەکی کاتی، ئەمەش لە ئەنجامی ئەم قەیرانانەی یاخود ئەو بارودۆخەی، کە ڕووبەڕوی دەوڵەت دەبێتەوە، لەم حاڵەتەشدا سەرۆکی دەوڵەت بە مەبەستی چارسەرکردن و تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە نائاساییەی، کە هاتۆتە پێش (وەک قەیرانێکی سیاسی، ئابوری یان کۆمەڵایەتی) هەڵدەستێت بە ڕاگرتنی کارکردن بە بەشێک لە بنەما دەستورییەکانی دەستوری وڵاتەکە و زۆربەی جاریش سەرۆکی وڵاتان تەنها لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕ یان هەر هەڕەشەیەک، کە بکرێتە سەر سەروەری و ئاسایشی دەوڵەت پەنا بۆ پەکخستنی دەستور دەبەن، پەکخستنەکەش لەوانەیە فەرمی یان نافەرمی (کرداری) بێت.

هەردەم ئەو دەستەیەی، کە دەستور دەنوسێتەوە هەوڵی ئەوە دەدات، کە دەقە دەستورییەکان بۆ ماوەیەکی دور و درێژ جێگیر بن، ئەمەش لە ڕێگای پێشبینییەکانیان بۆ پڕکردنەوەی هەموو پێداویستییەکانی کۆمەڵگا لە ئێستا و لە داهاتودا، بەڵام زۆر جار لە کاتی هاتنە پێشەوەی خێرای هەندێک بارودۆخی نوێ بە هەر هۆکارێکی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا لە هەر بوارێکی ژیاندا، پێویست دەکات، کە دەستور هەموار بکرێتەوە لە لایەن دەسەڵاتێکی تر (دەسەڵاتی لاوەکی) کە بە پێی دەستور دەسەڵاتی هەموارکردنەوەی دەستوری پێدراوە، هەڵبستێت بە هەموارکردنەوەی دەقە دەستورییەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ، کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم بگونجێت (الحلو، 1986، صفحة 894)، هیچ دەستورێک بەردەوامی نابێت ئەگەر نەتوانێ هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیانی سیاسی کۆمەڵگا گوزەر بکات و هاورێک نەبێت لەگەڵ ئەو بۆچوونە هزرییانەی، کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا داوای دەکەن، بۆیە هەرکاتێک ئەگەر دژواری یان کەموکوڕی لە دەقە دەستورییەکاندا هەبێت لە ڕەنگدانەوەیان لەگەڵ بۆچوونەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا لەو کاتە هەموارکردنەوە دەبێتە کارێکی حەتمی و پێویستە ئەنجام بدرێت (فهمي، 2004، صفحة 58).

هەمواركردنەوە پێناسە دەكرێت بەوەی، كە بریتییە لە گۆڕانكاری خستنە ناو دەقە دەستوورییەكانی دەستوری وڵات، پرەنسیپی هەمواركردنەوە دژیەك نییە لەگەڵ شكۆی دەستور، لەبەرئەوەی گەل لە زۆرینەی دەستورە نوسراوەكاندا سەرچاوەی دەسەڵاتە، بۆیە مافی ئەوەی هەیە هەڵسێت بە هەمواركردنەوەی دەقە دەستوورییەكان بە گوێرەی ئەو حوكمانەی، كە لە دەستوردا هاتووە بۆ ئەوەی شانبەشانی پێشكەوتنەكانی ژیان بڕوات (الكيالي ،1986، صفحة 680) هەندێكی تر پێناسەی هەمواركردنەوە دەكەن (هيكل، 1983، صفحة 73) دەڵێن: بریتییە لە دووبارە چاوپێخشاندنەوە بە هەموو یان بەشێك لە حوكمەكانی دەستور. كەواتە هەمواركردنەوە بریتییە لە گۆڕانكاری بەشێكی حوكمەكانی دەستور بە ڕەتكردنەوەی بەشێكی یان زیادكردنی یان بە گۆڕینی ناوەڕۆكی هەندێك لە حوكمە دەستوورییەكان.

سەبارەت بە هەمواری فەرمی و نافەرمی، ئەگەر هاتو ئەم دەسەڵاتەی، كە دەستور ڕێگای هەمواركردنەوەی دەستوری پێداوە، بە فەرمی هەمواركردنەوەكەی ڕاگەیاند بە پێی ئەو ڕێكارانەی، كە لە دەستور دیاركراون ئەمە پێی دەڵێن هەمواری فەرمی، بەڵام ئەگەر دەستەیەك یان دەسەڵاتێكی حوكمڕان لە دەستور هەمواركردنەوەی دەقە دەستوورییەكانی ئەنجامدا بەبێ ئەوەی، كە دەستور ئەو دەسەڵاتەی پێ بەخشیبێت و بە ڕێكارێك هەمواركردنەوە بكات بەبێ گوێدان بە ڕێكارە دەستوورییەكان ئەمە پێی دەوترێت هەمواری عورفی.

كەواتە دەتوانین بڵێین جیاوازی پەكخستن و هەمواركردنەوە لەوەدایە، كە هەمواركردنەوە دەبێتە هۆی گۆڕینی یان ڕەشكرنەوەی یان زیادكردنی دەقێكی دەستوری لە بری دەقێكی تر، بەڵام پەكخستن بە واتای ڕەشكردنەوە و كوتاییهێنانی دەقێكی دەستوری نایەت، بەڵكو دەبێتە هۆی ڕاگرتنی كاركردن بەم دەقە دەستوورییەی پەكی خراوە بۆماوەیەكی كاتی، ئەمە لەلایەك، لە لایەكی تر پەكخستن بۆی هەیە ڕەوا بێت و بۆی هەیە ڕەوایەتی نەبێت بە پێچەوانەی هەمواركردنەوە بە هەموو جۆرەكانی ڕەوایەتی یاسایی هەیە، هەروەها دەسەڵاتی هەمواركردنەوە لە زۆربەی دەستورەكان دیاریكراوە، بەڵام دەسەڵاتی پەكخستن دیاری نەكراوە تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت، كە دەسەڵات دراوەتە سەرۆكی وڵات .

نابێت ئەوە لە بیر بكەین، كە زوربەی جار هۆكاری هەمواركردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ گونجاندنی دەقە دەستورییەكان لەگەڵ پێشكەوتنە هاوچەرخەكان لە بوارە جیاجیاكاندا، بەڵام هۆكاری پەكخستنی دەستور دەگەڕێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو قەیرانانەی ڕووبەڕووی وڵات دەبنەوە هەروەك قەیرانە كۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، شەڕ و ململانێیەكان، كە ناتوانرێ بە پێی دەقە دەستوورییەكان چارەسەر بكرێن و ڕووبەڕوویان ببێتەوە. پاش دەرخستنی خاڵە جیاوازەكان، ئایا خاڵە هاوبەش و لێك چووەكان لە نێوان پەكخستن و هەمواركردن چین؟ لە وەڵامدا دەتوانرێت بگوترێت كە:

لە ڕووی ڕەوایەتی یاسایی هەریەك لە پەكخستن و هەمواركردنەوەی دەستور ئەگەر بە شێوەیەكی فەرمی و بە پێی دەقە دەستوورییەكان ئەنجامدران ڕەوایەتی یاساییان دەبێت و خاڵی

هاوبەش لە نێوانیاندا بریتییە لەوەی کە پەکخستن و هەموارکردنەوە تەنها لە بەشێکی دەستور دەکرێت هەروەها خاڵێکی تری لە یەک چوو بریتییە لەوەی، کە پەکخستن و هەموارکردنەوە ئەگەر بە شێوەیەکی نافەرمی بێت ئەوا ڕەوایەتی یاسایی لە دەست دەدەن.

دووەم: جیاکردنەوەی پەکخستنی دەستور لە ڕەتکردنەوەی دەستور (The annulment of the constitution) :

گومان لەوەدا نییە، کە دەستور ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیاییکە، کە تاکەکانی کۆمەڵگا ڕەزامەندییان لەسەری داوە، لەبەرئەوەی سروشتی ئایدولۆژیا ناجێگیرە و بە بەردەوامی لە گۆڕان دایە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر هاتنەکایەی چەندین فاکتەر و هۆکاری تر دەبنە پێویستییەکی حەتمی بۆ گۆڕانکاری لە حوکمە دەستورییەکان جا ئەگەر لە ڕێگای هەموارکردنەوە نەتوانرا هاوتەریبی و گونجاندنێک بکرێت لە نێوان ئەو دۆخە سیاسییەی هاتۆتە پێشەوە و لەگەڵ دۆخە دەستورییەکان ئەوا ڕەتکردنەوەی دەستور دەبێتە پێویستییەکی حەتمی و لە بری ئەو دەستورێکی نوێ دادەڕێژرێت (جمال الدين، 2005، صفحة 452).

کەواتە ڕەتکردنەوەی دەستور بە گشتی واتا هەموارکردنەوەیێکی سەرتاسەری هەموو حوکمەکانی دەستور، کە ئامانج لێی ڕزگاربوونە لەم دەستورەی، کە ناتوانێت شانبەشانی پێشکەوتنەکان خۆی بگونجێنێت و جێبەجێ بکرێت (الشاعر، 2005، صفحة 647). کەواتە ڕەتکردنەوە واتە کۆتاپهێنان بە دەقەکانی دەستور بە تەواوەتی.

زۆرینەی زانایانی بواری یاسای دەستوری کۆکن لەسەر ئەوەی، کە ڕەتکردنەوەی دەستور یان ئەوەتە بە ڕێگایەکی یاسایی دەبێت یان بە ڕێگای نایاسایی، مەبەست لە ڕەتکردنەوە بە ڕێگای یاسایی بریتییە لە ڕەتکردنەوەی دەستور بە شێوازێکی فەرمی و دانانی دەستورێکی تر لەبری دەستورەکەی پێشو بە شێوەیکی ئاشتییانە و بەبێ توندوتیژی، کە بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنە سیاسییەکانی کۆمەڵگا (شيحا، 1983، صفحة 283).

جێگای باسە زۆر بە کەمی دەقێکی دەستوری لە ناو دەستوری زۆربەی وڵاتاندا دەبینرێت، کە ئاماژە بە ڕەتکردنەوەی دەستورەکە بدات جگە لە دەستوری فەڕەنسی ساڵی (1875) کە ئاماژە بە ڕەتکردنەوە دەکات. لێرەدا ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبینەوە: ئایا ئەگەر ئاماژەی بە دەسەڵاتێک نەکردبێت بۆ ڕەتکردنەوەی دەستور، ئایا دەسەڵاتی هەموارکار دەتوانی هەمواری هەموو دەقە دەستورییەکان بکات، کە یەکسانە بە ڕەتکردنەوە لەم دۆخەدا؟

لە وەڵامدا یاساناسان ئاماژە بەوە دەکەن لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتەی دەستور ڕێگای پێداوە بۆ هەموارکردنەوەی بەشێک لە دەستور ڕێگاپێدراو نییە بە ڕەتکردنەوەی دەستور لەبەرئەوەی هەروەک باسمان کرد، کە هەموارکردنەوە نابێت لە هەموو دەستور بکرێت ئەمە لە لایەک، ئەگەر ئەم دەسەڵاتەش هەڵسا بە ڕەتکردنەوەی دەستور کەواتە سەرپێچی دەستوری کردوە و زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەدا کردوە، کە دەستور بۆ هەموارکردنەوە پێی بەخشیوە نەوەک بۆ ڕەتکردنەوەی دەستور، لەبەرئەوەی تەنها دەسەڵاتی دامەزرێنەری دەستور ئەو

دەسەڵاتەی هەیە، کە ئەویش یان لە ڕێگای ڕاپرسی دەستوری دەبێت یان لە ڕێگای کۆمەڵەی دامەزرێنەر، کە بۆ ئەو مەبەستە هەڵدەبژێردرێن (شیحا، 1983، صفحة 284).

بە پێی ئەوەی کاتێک بنەمایەکی یاسایی نوێ لە جیاتی هەمان بنەما لە یاسا کۆنەکە دەردەچێت ئەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بنەما نوییەکە شوێنی بنەما کۆنەکە دەگرێتەوە و لە کاتی ڕەتکردنەوەی کۆی بنەما دەستورییەکانیش بە دەستورێکی نوی هەمان شتە، لە زۆرینەی دەستورە نوییە داڕێژراوەکان دەقێکی ڕاشکاوی تێدایە، کە دەڵێت ئەم دەستورە جێگای دەستورەکەی پێشو دەگرێتەوە (شیحا، 1983، صفحة 494).

شێوازی دووەم لە ڕەتکردنەوەی دەستور بە شێوەیەکی نافەرمی، ئەم جۆرەیان دوورە لە ڕێگا ئاشتەواییەکی پێشو، کە باسمان کرد، بەڵکو لە ڕێگای توندوتیژی و سەرهەڵدانی کودەتا و شۆڕش ئەنجام دەدرێت، کەواتە دەتوانرێ بگوترێت ئەم جۆرە ڕەتکردنەوەیە دورە لە ڕەوایەتی یاسایی و لە ڕێگای هێز ئەنجام دەدرێت (جمالدين، 2005، صفحة 457). کەواتە سەرکەوتنی شۆڕش بە شێویەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی دەستوری پێشو، بەبێ ئەوەی سەرکەوتنی شۆڕش ببێتە هۆی ڕەتکردنەوەی هەمو یاسا ئاساییەکانی تر، لەبەرئەوەی یاسا ئاساییەکان دواتر ئەوەی پێویست بێت بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕش هەموار دەکرێنەوە لەلایەن ئەو دەسەڵاتەی، کە دەستورە نوییەکە پێی دەبەخشێت. لە ئەنجامی خستنەڕووی ئەم شرۆڤەیەی سەرەوە بۆ ڕەتکردنەوەی دەستور دەتوانین بڵێین خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی نێوان پەکخستن و ڕەتکردنەوەی دەستور ئەمانەن:

1- خاڵە لێکچووەکانی نێوان پەکخستن و ڕەتکردنەوەی دەستور :

أ- لە ڕووی ڕەوایەتی: ڕەتکردنەوەی دەستور سروشتێکی فەرمی و ئاشتییانەیەی هەیە وەک ئەوەی لە دەستوری فەڕەنسی ساڵی (1875)دا هاتبوو، کە ڕێگا دەدات بە ڕەتکردنەوەی دەستورەکە لەگەڵ پەکخستنی فەرمی، کە ئەمەشیان دەقێکی دەستوری ڕێگای پەکخستنی بەشێک لە دەستوری بە دەسەڵاتێکی دیاریکراو داوە، لە هەردوو بارودۆخدا ڕەوایەتی یاساییان هەیە لەبەرئەوەی هەردووکیان پشت بە دەقێکی دەستوری دەبەستن.

ب- لەڕووی ناڕەوایەتی یاسایی: ڕەتکردنەوەی دەستور لە ڕێگای شۆڕش لەگەڵ پەکخستنی نافەرمی دەستور هەردووکیان ناڕەوان لەبەرئەوەی بە پشت بەستن بە دەقێکی دەستوری ئەنجام نەدراون.

ت- ڕەتکردنەوەی دەستور لە ڕێگای کودەتا زۆربەی جار هەروەک شۆڕش دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی دەستور و هەندێک جاریش دەبێتە هۆی پەکخستنی دەستور لە ئەنجامی کارنەکردنی فەرمانڕەوا نوییەکان کاتێک دەسەڵات دەگرنە دەست.

2- جیاوزای ڕەتکردنەوە لەگەڵ پەکخستن:

أ- لەڕووی چەندێتی: پەکخستن لە بەشێکی دەستور دەبێت مەگەر پەکخستنی سیاسی نەبێت، کە لە هەموو دەستورەکە دەبێت، بەڵام ڕەتکردنەوە لە بەشێک یان چەند مادەیەکی دەستور نابێت

بەڵکو کۆی مادەکانی دەستور ڕەتدەکرێتەوە لەبەرئەوەی هەروەک ئاماژەمان پێدا پێشتر ڕەتکردنەوەی بەشێک پێی ناوترێت ڕەتکردنەوە، بەڵکو پێی دەگوترێت هەموارکردنەوە.

ب- لەڕووی کرۆکەوە: ڕەتکردنەوە واتا کۆتاییهێنان و لەناوچوونی دەستور بە شێوەیەکی کۆتایی، بەڵام پەکخستن بە واتای لەناوچوون و کوتاییهێنانی دەستور نایەت، بەڵکو بریتییە لە وەستانی کارپێکردنی بەشێک لە دەستور لە ئەنجامی هاتنەپێشەوەی بارودۆخێکی قورسی نالەبار بە تێپەڕبوونی بارودۆخەکە ئەو مادانەی پەکیان خرابوو دەگەڕێنەوە بواری کارپێکردن و پەیڕەو دەکرێنەوە.

ت- لەڕووی هۆکارەوە: هۆکاری پەکخستنی ڕەوا بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانانەی، کە ڕووبەڕووی وڵات دەبنەوە و دەبنە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت و هۆکاری پەکخستنی ناڕەوا و نافەرمی دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا و ویستی ئەو کەسانەی حوکمڕانییان گرتۆتە دەست، بەڵام هۆکاری ڕەتکردنەوەی نەگونجانی دەستورە لەگەڵ ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە ئەنجامی شۆڕش هاتۆتە کایەوە.

بەشی دووەم

جۆرەکان و ڕەوایەتی پەکخستنی دەستور بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان

گومان لەوەدا نییە، کە پەکخستنی دەستور دەرچوونە لە پرەنسیپی باڵایی و شکۆداری دەستور و پرەنسیپی ڕەوایەتی، بۆیە هەرکاتێک دەستور پەکخرا بەبێ لەبەرچاو گرتنی پرەنسیپی ڕەوایەتی واتا بەبێ پشت بەستن بە دەقێکی دەستوری پێی دەگوترێت پەکخستنی ناڕەوا، بە پێچەوانەوە پێی دەگوترێت پەکخستنی ڕەوا یاخود فەرمی، هەروەک لە خوارەوە بە دوو باس شرۆڤەیان دەکەین و لێیان دەکۆڵینەوە:

باسی یەکەم

پەکخستنی فەرمی Official suspension و ڕەوایەتی

مەبەست لە پەکخستنی فەرمی دەستور ڕاگرتنی کارکردنە بە بەشێک یان هەموو دەستورەکە (د. عمرخ،٢٠٢٢، صفحة ١٠٩٠) پاش ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی ڕادەگەیەندرێ بە گوێرەی ئەو ڕێکارە یاساییانەی، کە لە دەستوری دەوڵەتدا هاتوە. هەر بۆیە ئەو کاتە پەکخستن بەرجەستە دەبێت کاتێک دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە دەوڵەت ڕایدەگەیەنێت، کە کار بە بەشێک یان هەموو مادەکانی دەستور ناکرێت لە پێناو چارەسەرکردنی قەیرانەکان یان لە کاتی ڕوودانی شەڕ و ململانێی چەکداری یاخود لە کاتی دروستبوونی مەترسییەک لەسەر ئاسایش و سەروەری وڵات (العاني، 1981، صفحة 190). کەواتە دەتوانین بڵێین پەکخستنی فەرمی بەم دوو شێوازەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم: پەکخستن بە هوکاری ئەحکامی عورفی و بارودۆخی تەنگەتاو

وەک پێشتر باسمان کرد کاتێک وڵات ڕووبەڕووی قەیرانەکان یاخود شەڕ دەبێتەوە یان بارێکی لەناکاوی تەنگەتاو دروست دەبێت دەسەڵاتداران هەڵدەستن بە پەکخستنی دەستور پاڵپشت بە دەقێکی دەستوری بۆ چارەسەرکردن و تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخانە. دەستوری هەندێک لە وڵاتان ڕێگایان بەوە داوە دەستور پەکبخرێت لە بارودۆخە ڕیزپەڕەکان، بەڵام ئەمەش پێویستی بە بوونی مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بریتین لە:

1- ڕاگەیاندنی ئەحکامی عورفی و باری تەنگەتاو:

مەبەست لە ئەحکامی عورفی سیستەمێکە، کە مەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لەبەر بوونی ئەو بارودۆخە تەنگەتاوەی، کە مەترسییە لەسەر ئاسایش و تەناهی وڵات، جا چ بارودۆخێکی دەرەکی بێت وەک شەڕ، یان ناوخۆیی بێت وەک ڕودانی لافاو، بومەلەرزە یان هەر بارودۆخێکی تری تەنگەتاو (شيحا، 1983، صفحة 433) کە ئەم جۆرەیان پێی دەگوترێت ئەحکامی عورفی سیاسی، بەڵام ئەحکامی عورفی سەربازی بریتییە لەو سیستەمە نائاساییەی، کە هێزە بیانییە داگیرکەرەکان کاری پێدەکەن لەو شوێنانەی کە لەژێر دەسڵاتیان دایە (البستاني،1961، صفحة 163).

ئەحکامی عورفی سیاسی بە هەر شێواز و جۆرێک ڕێکبخرێت و ڕابگەیەندرێت، دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونی پانتایی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەوڵەتدا، کە زۆرجار لەبری هەردوو دەسەڵاتەکەی تری دەوڵەت کاردەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرتەسکردنەوە و یاخود نەهێشتنی زۆرینەی ماف و ئازادیی تاکەکانی دەوڵەت، هەروەک لە دەستوری فەڕەنسی ساڵی (1894) لە مادەی (11) دا هاتوە (هاوڵاتییان بەردەوام دەبن لە پیادەکردنی هەمو ئەو ماف و ئازادییانەی لە دەستوردا هاتون، جگە لەوانەی کە ئەحکامی عورفی پەکیاندەخات)، بەڵام پێویستە بگوترێت، کە پەکخستنی دەستور لە ڕێگای ئەحکامی عورفی دەبێت پەکخستنی بەشێکی دەستور بێت بە پێچەوانەوە پەکخستنی هەمو دەستور دەبێتە سەرپێچییەکی ڕون و ئاشکرای بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بە تایبەت یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی.

2 -ڕێگەدان بە پەکخستنی دەستور:

هەندێک لە دەستورەکان بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە مۆڵەتی بە پەکخستنی بەشێکی دەستور لە کاتی ئەحکامی عورفی و باری تەنگەتاو بە دەسەڵاتێکی دیاریکراو دەدەن، هەروەک لە مادەی (117)ی دەستوری یوگسلافیای پێشو ئاماژە بەوە دەکات، کە لە کاتی بەرپابوونی شەڕ، سەرۆکی وڵات دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، کە بە شێوەیەکی ڕیزپەڕ هەندێک لە دەقە دەستورییەکان ڕابگرێت. هەروەها دەستوری تورکیای ساڵی (1982)ی هەمووارکراو لە ساڵی (2011) لە مادەی (120) ئاماژە بەوە دەکات، کە مەرجەکانی پێویست بۆ ڕاگەیاندنی باری تەنگەتاو بریتین لە ڕودانی توندوتیژی و کاولکردن بە شێوەیەکی بەرفراوان دژی سیستەمی دیموکراسی ئازاد یان مەترسی داڕمانی سیستەمی گشتی، لەم کاتەدا سەرۆکی دەوڵەت مافی سەرۆکایەتی کردنی

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە و ئەم ئەنجومەنەش مافی ڕاگەیاندنی باری تەنگەتاوی لە بەشێک یان لە سەرتاسەری وڵاتدا هەیە، بە مەرجێک لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات، پەڕلەمانی تورکیا بە گوێرەی مادەی (121) بۆی هەیە ئەم ماوەیە لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران درێژ بکاتەوە بۆ چوار مانگی تر، لە مادەی (15)ی هەمان دەستوری تورکیادا دەکرێ ماف و ئازادییەکان پەکبخرێن لە کاتی ڕاگەیاندنی ئەحکامی عورفی و باری تەنگەتاو.

هەرچەندە هیچ یەکێک لە دەستورە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ئاماژەیان بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی باری تەنگەتاو نەداوە، لە دەستوری ساڵی (1925) ی عێراق، لە مادەی (120)ی دەستورەکەدا هاتووە دەتوانرێ باری تەنگەتاو لە کاتی ڕوودانی مەترسیەک یان یاخیبونێک ڕابگەیندرێ، کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی بۆ سەر عێراق لە هەر لایەکەوە بێت. بۆ گەرەنتی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگای عێراقی دەبینین فەرمانی پاراستن و سەلامەتی نیشتمانی عێراقی ژمارە (1)ی ساڵی (2004) لە مادەی یەکەم ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر گەلی عێراق ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە و هەنوکەیی بووەوە، دەکرێت باری تەنگەتاو ڕابگەیەندرێت، بەڵام ئایا لە حاڵەتی ئەوەی، کە مەترسییەکە چاوەڕوان کراو بێت ناتوانرێ باری تەنگەتاو ڕابگەیەندرێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین بە گوێرەی ئەم یاسایەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا نەخێر ناتوانرێت، لەبەرئەوەی ئەم مادەیە تەنها ئاماژەی بە مەترسی هەنوکەیی و گەورە کردووە، کە ئەمەش لە لایەک دەبێتە کەلێنێکی یاسایی لەم یاسایەدا، هەروەها لەلایەکی تر، دیارینەکردنی وشەی مەترسی گەورە و هەنوکەیی، دەتوانرێ جۆرەها ڕاڤەی تری بۆ بکرێت لەبەرئەوەی دەستەواژەیەکی لاستیکی و نەرمە و دەسەڵاتی پەیوەست بە ڕاگەیاندنی باری تەنگەتاو دەتوانێ سەرچاوەی تری جیاواز بۆ مەترسی دروست بکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەستدرێژی کردن بۆ سەر ماف و ئازادییەکان و زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی دەسەڵات.

دووەم: پەکخستنی دەستور بەهۆی قەیرانە تایبەتەکان

کاتێک وڵات ڕووبەڕووی هەندێک قەیرانی تایبەت دەبێتەوە، کە دەبنە مەترسی بۆ سەر کیانی دەوڵەت و ناسەقامگیری، زۆر لە دەستورەکان دان بەوەنانێن، کە ڕێگا بە پەکخستنی دەستور بدرێت لە بارودۆخە ڕیزپەڕەکاندا، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵات بە سەرۆکی دەوڵەت دەدەن بە گرتنەبەری ڕێکاری ڕیزپەڕ بۆ ئەم بارودۆخە، بەڵام کاتێک سەرنج دەدەینە ئەم جۆرە دەقانە لە دەستوری وڵاتان دەبینین، کە بە شێوەیەکی گشتی نوسراوەتەوە و سنوری دەسەڵاتی سەرۆکی دیاری نەکردوە، کە تاکو کوێ بڕ دەکات، هەر لەبەر ئەمە زانایانی بواری یاسای دەستوری هەوڵیان داوە بە شیکارکردن و ڕاڤەکردنی ئەم جۆرە دەقە دەستورییانە، بەو ڕاستییە گەیشتون، کە ئەم دەقە دەستورییانە بە شێوەیەکی کاتی یاخود ناڕاستەوخۆ ڕێگایان داوە بە پەکخستنی دەقەکانی دەستور، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە پەکخستنی دەستور بە هۆکاری قەیرانی تایبەت لەم دوو شێوازەی خوارەوە دەبێت:

1. ڕێگادانی ڕاستەخۆ بە پەکخستنی دەستور: گومان لەوەدا نییە، کە دەوڵەت نییە لە جیهاندا لە مێژوودا ڕووبەڕووی قەیرانی تایبەت نەبووبێتەوە، بەڵام قەیران لەگەڵ قەیران جیاوازە، مەبەستمان لێرە ئەو قەیرانانەن، کە دەوڵەت ناتوانێ پاڵپشت بە دەقە یاساییە ئاساییەکان بەرەنگاری ببێتەوە، بەڵکو مەبەست لەو قەیرانانەن، کە مەترسین بۆسەر چەندین پرسی گرنگی تایبەت بە خاک و وڵات و گەلی ئەم دەوڵەتە، بۆیە بە هەند وەرنەگرتنی ئەم بارودۆخانە ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە یاسادانەری دەستوری زۆربەی وڵاتان هەوڵی ئەوەیان داوە، کە ڕێکخستنی یاسایی بکەن بۆ ئەو ماوەیە، کە مەترسیدارە، هەرچەندە ڕێکخستنی کارێکی ئاسان نییە لەبەر درکپێنەکردن و نەزانینی دەهاویشتەکانی لە ڕووی کات و بابەتەوە، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت زانایان دەڵێن ڕێکخستنی باشترە لەوەی، کە پشت گوێ بخرێت و ڕێک نەخرابێت (الجمل، 1988، صفحة 83 ). بۆ نمونە مادەی (51) لە دەستوری عێراقی (1964/4/29) ئاماژە بەوە دەکات سەرۆکی کۆمار لە کاتی بوونی مەترسییەکی گشتی یان پێشبینی ڕودانی بکرێت، کە ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر ئاسایش و تەناهی وڵات بۆی هەیە بڕیار دەربکات، کە هێزی یاسایی هەیە لە پێناو پاراستنی ئاسایش و تەناهی قەوارەی کۆماری پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

2. ڕێگادانی ناڕاستەخۆ بە پەکخستنی دەستور:

پێشتر باسمان لەوە کرد، لە کاتی ڕودانی هەندێک جۆر لە قەیرانی تایبەت، دەستور بە شێوەیەکی ڕاشکاوەنە ڕێگای پەکخستنی دەستوری بە سەرۆکی وڵات نەداوە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕێگا دەدات بە پەکخستنی دەستور و باشترین نمونەش دەستوری کۆماری پێنجەمی فەڕەنسای ساڵی (1958)، هەروەک لە مادەی (16) ئاماژە بەوە دەکات کاتێک دامودەزگاکانی کۆماری یان سەربەخۆیی نەتەوەیی یان ئاسایش و تەناهی خاکی فەڕەنسا یان جێبەجێکردنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکان ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە و هەنوکەیی دەبێتەوە و دەسەڵاتە دەستورییەکان ناتوانن کاری خۆیان ئەنجام بدەن، سەرۆکی کۆمار ئەو ڕێکارانە دەگرێتە بەر، کە پێویستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمە پاش ڕاوێژکردنێکی فەرمی بە وەزیری یەکەم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی دەستوری و سەرۆکی کۆمار گەل ئاگادار دەکاتەوە بە گرتنەبەری ئەو ڕێکارانە و ناتوانرێ پەرلەمان هەڵبوشێندرێتەوە بە هیچ شێوەیەک لەم بارودۆخانەدا.

دەستوری زۆر لە وڵاتانی تر بە هەمان ئاراستەی مادەی (16) دەستوری فەڕەنسی چارەسەری ئەم بابەتەیان کردووە لە دەستورەکانیاندا، هەروەک مادەی (47) لە دەستوری ساڵی (1976) ی سەنیگال، مادەی (18) لە دەستوری گابۆنی ساڵی (1975)، مادەی (32) لە دەستوری مالی ساڵی (1974)، مادەی (35) لە دەستوری مەغریبی ساڵی (1972) و هەروەها مادەی (24) لە دەستوری کامیرونی ساڵی .(1978)

بە کورتی دەتوانین بڵێین پاڵپشت بەم نمونانەی ئاماژەمان پێدا لە هەر یەک لە دەستوری وڵاتان و بە تایبەتی مادەی (16)ی دەستوری فەرەنسی ساڵی (1958)ی هەموارکراودا بۆمان دەردەکەوێت، کە هەرچەندە دەستور بە دەقێکی ڕاشکاو ئاماژە بەوە ناکات، کە دەستور پەکبخرێت، بەڵام پێدانی دەسەڵات بە سەرۆکی کۆمار بو گرتنەبەری ڕێکاری پێویست وادەکات، کە پانتایی دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار بە شێوەیەکی ئەوتۆ فراوان بکات، کە دەشێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ماوەی ئەم قەیرانانەدا بتوانێ دەقە دەستورییەکان پەکبخات.

باسی دووەم
پەکخستنی نافەرمی دەستور(non official suspension)

کاتێک دەستەیەکی فەرمانڕەوا پەکخستنی دەستور ڕادەگەیەنن جا چ پەکخستنی بەشێک لە دەستور بێت یان هەموو دەستورەکە، ئەوە پێی دەگوترێت پەکخستنی سیاسی دەستور، بەڵام ئەگەر هاتو پەکخستنی دەستور لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەت ڕانەگەیەندرا و کار بە دەستوریش نەکرا، جا چ بە بەشێکی دەستورەکە بێت یان بە هەمو دەستورەکە لەم کاتەدا پێی دەگوترێت پەکخستنی کردەیی (د. عمرخ.،٢٠٢٢، صفحة ،١٠٩١) .
بۆیە هەر کاتێک ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان واقعی سیاسی هەر دەوڵەتێک لەگەڵ واقعی دەستوری بۆمان دەردەکەوێت لەم دەوڵەتەدا دەستور بە شێوەیەکی نافەرمی پەکخراوە یان نا، بۆ باسکردنی جۆرەکانی پەکخستنی نافەرمی دەستور و ڕەوایەتی یاساییان وامان بە باش زانی بە دوو خاڵی یەک لە دوای یەک باسیان بکەین، لە خاڵی یەکەمدا باس لە پەکخستنی سیاسی و ڕەوایەتی یاسایی دەکەین و لە خاڵی دووەمدا باس لە پەکخستنی کردەیی و ڕەوایەتی یاسایی دەکەین وەک لە خوارەوەدا هاتووە:

یەکەم: پەکخستنی سیاسی (Political suspension) دەستور و ڕەوایەتی یاسایی
پێشتر گوتمان واتای پەکخستنی سیاسی دەستور واتا ڕاگەیاندنی ڕاگرتنی کارکردن بە بەشێک یان بە کۆی بنەما دەستورییەکان لە لایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەت، پاڵپشت بەو هێزەی، کە هەیانە و توانای بەردەوام بوونیان لە دەسەڵات (الشاوي، 1981، صفحة 1967). بە واتایەکی تر ئەو بنەمایەی پشتی پێدەبەسترێت بنەمایەکی سیاسییە هیچ دەقێکی دەستوری ڕێکی نەخستوە و ئاماژەی پێنەداوە (الجاف، 2017، صفحة 21)، نمونەی ئەمەش وەک لە کاتی ئەنجامدانی کودەتا و سەرکەوتنی.
ئەوانەی دەبنە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایی دەوڵەت دەکەن زۆربەی جار پەنا دەبەنە بەر پەکخستنی سیاسی دەستور بە مەبەستی مسۆگەرکردنی مانەوەیان لە حوکمڕانی و جێگیرکردنی پێگەکەیان، نەوەک هێزێکی تر ڕووبەڕوویان ببێتەوە و لە ڕێگای کودەتا یان شۆڕش، کە دژیان

بوەستنەوە (البسيوني، 1985، صفحة 106 )؛ کودەتا بریتییە لە دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتی حوکمڕانی دەوڵەت، بە هێز نەوەک لە ڕێگای دەقێکی دەستورییەوە ( الجاف2017،صفحة33)، کەواتە ئەم ئاڵوگۆڕییەی لە حوکمڕانی دەوڵەت دەکرێت نادەستوورییە بۆیە پەکخستنی دەستور بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لەبەرئەوەی ئەو بارودۆخە نوێیەی، کە حوکمڕانان تێیدا دەژین پاش سەرکەوتنی کودەتا، زۆربەی جار حوکمڕانییەکی دکتاتۆری دەخولقێنێ هەرچەندە بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێت بە تایبەتی لە ماوەی گواستنەوە یاخود ڕاگوزەردا، ئەگەرچی پیشتریش ئەم بزووتنەوانە ئایدیولۆژییەکی دیموکراسییان هەبووبێت (متولي، 1966، صفحة 79).

لە عێراق لە (29/ 1936/10) کودەتایەکی سەربازی ئەنجامدار لە لایەن ( بکر سدقی گەیلانی ) کە بووە هۆی ڕوخانی حوکمڕانی سەروک وەزیران (یاسین ئەلهاشمی) کە بووە هۆی پەکخستنی دەستوری عێراقی ساڵی (1925) (مار، 2009، صفحة 100 ).

پاش ئەنجامدانی کودەتای سەربازی (١٩٩٩/10/5) لە پاکستان سەرکردە سەربازییەکانی کودەتاکە ئەحکامی عورفیان ڕاگەیاند و سەرۆک ئەرکانی سوپا ( پەرویز موشەرەف ) دەسەڵاتێکی فراوانی گرتە دەست، هەڵسا بە ڕاگەیاندنی پەکخستنی دەستوری وڵات و پەرلەمان، هەروەها لە ( جزر فیجی ) کودەتای سەربازی ئەنجامداو سەرکردەی سەربازی جەنەڕاڵ (فرانک ماینمار) ئەحکامی عورفی لە) 2000/5/29( ڕاگەیاندو و لە ڕۆژی دواتر پەکخستنی دەستوری وڵاتی ڕاگەیاند.

لەسەر ئاستی جیهاندا لە کیشوەری ئەفریقیا زۆرترین کودەتا ئەنجامدراوە بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی حوکمڕانی وڵات (العمامي،2023، صحيفة 249) بۆ نمونە : لە ساڵی (2009) لە وڵاتی گینیا بیساو لە (12/4/2012) سەرۆکی دەوڵەت (ڕیمۆندۆ بیرارا) کودەتای بەسەردا ئەنجامدرا و کوژرا، لە ساڵی (2010) لە وڵاتای نایجیریا سەرۆک دەوڵەت (محمد تانجا) بە کودەتایەکی سەربازی لە حوکمڕانی هێنرایە خوارەوە، لە (17)ی دیسێمبەری (2015) لە وڵاتی (بورکینا فاسۆ) کودەتای سەربازی ئەنجامدرا، لە (17/11)ی ساڵی (2017) کودەتای سەربازی دژی سەرۆکی وڵاتی (زیمبابۆی) ئەنجامدرا، لە ساڵی (2019) بە کودەتای سەربازی سەرۆک (عومەر بەشیر) لە وڵاتی سودان لە حوکمڕانی لادرا، لە ساڵی (2020) سەرۆکی وڵاتی (مالی) (ابراهیم بوبکر کیتا) بە کودەتای سەربازی لە حوکمڕانی لادرا و هەروەها لە ساڵی (2021) لە وڵاتی (مالی) کودەتای سەربازی سەرۆکی وڵاتی لە حوکمڕانی کردن هێنا خوارەوە (کونلونیل ئەسیمی غویتا) جلەوی حوکمڕانی وڵاتی گرتە دەست و هەروەها لە ساڵی (2022) لە وڵاتی (غینیا) کودەتای سەربازی سەروکی وڵات (ئەلفا کوندی) کوژرا و ئەفسەرێکی سەربازی حوکمڕانی دەوڵەتی گرتە دەست. بێگومان پەکخستنی سیاسی دەستور ئەگەر پەکخستنی بەشێکی دەستور بێت یان هەموی، ئەگەر ڕابگەیەندرێت یان نا هیچ ڕەوایەتییەکی یاسایی نابێت لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا ئەوانەی حوکمڕانی دەوڵەت دەگرنە دەست لە لایەک بە پێی ڕێکارە دەستورییەکان نەهاتوونەتە سەر حوکم لە لایەکی تر پەکخستنی دەستور بەبێ گوێدان و پشت

بەستن بە بنەما دەستورییەکان وا دەکات، کە دەستور بالآیی خۆی لە دەست بدات و ببێتە هۆی دەست درێژکردن بۆ سەر پرەنسیپی رەوایەتی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.
جێگای ئاماژە پێدانە زۆرینەی کودەتاکان، کە روودەدەن دەبنە مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەمەش وایکردوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستوەردان بکات بۆ پارێزگاریکردنی ئەو حکومەتانەی بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و پرەنسیپەکانی دیموکراسی دەسەلآتیان گرتۆتە دەست؛ بۆیە ئەو کودەتایەی لە هایتی (١٩٩١) ، سیرالیۆن رویدا وایکرد، کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (٩٤٠) لە (٣١-٧-١٩٩٤) دەربکات، کە تایبەت بوو بە بەکارهێنانی هێز لە هایتی دژی کودەتاکاران (الجاف، 2017، صفحة 38)، گەڕاندنەوەی حکومەتی پێش کودەتاکە بۆ سەر حوکمڕانی لەبەرئەوەی بە پێی پێوەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەسەلآتی حوکمڕانیان گرتبووە دەست .

دووەم: پەکخستنی کردەیی (Real suspension) و رەوایەتی یاسایی:

مەبەست لە پەکخستنی کردەیی دەستور وازهێنان یان کارنەکردنە بە دەقە دەستورییەکان لە لایەن حوکمڕانانی دەوڵەت بەبێ ئەوەی رایبگەیەنن، کە ئەم دەستورە پەکخراوە و کاری پێناکرێت (د. عمر.خ.،٢٠٢٢، صفحة ،١٠٩١).

کەواتە چۆن دەتوانرێ ئەوە دیاری بکرێت، کە ئایا دەستوری وڵات بە کردەیی پەکخراوە یان نا؟ لە وەلآمدا دەڵێین کاتێک واقعی سیاسی وڵات و واقعی دەستوری لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرێن، بۆمان دەردەکەوێت کە دەستور بە شێوەیەکی کردەیی پەکخراوە یان نا ئەویش لە رێگای سەرنجادان لەو جیاوازییەی لە نێوان ئەم دوو واقیعەدا دەبینرێ (الساعدي، 1990، صفحة 138) ئەگەر هاتو واقعی سیاسی دەوڵەت یەکسان نەبوو یاخود رەنگدانەوەی واقیعە دەستوریەکە نەبوو ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە لەم دەوڵەتەدا دەستور لە لایەن دەسەلآتدارانی دەوڵەت لە رووی کردەییەوە پەکخراوە، گومان لەوەدا نییە، کە ئەم جۆرە پەکخستنە دەست درێژییەکی رون و ئاشکرایە لەسەر پرەنسیپی بالآیی و شکۆی دەستور و هەروەها داڕوخان و دارمانی پرەنسیپی رەوایەتی.

لەبەرئەوەی کاتێک باس لە شکۆی دەستور دەکرێت مەبەست لێی ئەوەیە، کە دەستور لە لوتکەی ئەو هەرەمە یاساییەدا دێت لە دەوڵەت، کە پلەی یەکەمی گرتوە ئینجا لە دوای ئەو یاسا ئاساییەکان و یاسا لقییەکان دێن، هەر لەبەر ئەمەیە پێویستە لەسەر دەسەلآتدارانی دەوڵەت رێز لە بنەما دەستورییەکان بگرن و پێیەوە پابەندبن و لەبەر ئەوەیە بنەما دەستورییەکان لە سەروی هەمو بنەما یاساییەکانی ترەوەیە (نعمة، 1990، صفحة 215).

هەندێک لە بیرمەندان پێدانی ریزبەندی یەکەم بە دەستور لە نێوان یاساکانی وڵات دەگەڕێنەوە بۆ ناوەرۆک و بابەتەکانی بنەما دەستورییەکان، کە سروشتی سیستەمی یاسایی و بیرۆکەی یاسا لە دەوڵەت و دەستە و دەسەلآتەکان دیاری دەکات، لە بەردەوامی قسەکانیاندا

دەڵێن نابێت کار بە هیچ بەڵگەنامەیەک بکرێت، جگە لە دەستور، لەبەرئەوەی دەستور سەرچاوەیە بۆ هەمو چالاکییەکان، جا چ چالاکی سیاسی یان یاسایی بێت لە دەوڵەتدا، هەمو سیستەمێکی یاسایی لە دەوڵەتدا پشت بە دەستور دەبەستێت تاکو پلەبەندی بنەما یاساییەکان بەرجەستە ببێت و هەموان ملکەچی دەقە دەستورییەکان بن (البسيوني، 1985، صفحة 192). هەر بۆیە زۆرینەی زانایانی بواری یاسای دەستوری کۆکن لەسەر شکۆمەندی دەستور تەنانەت هەندێک لە دەستورەکان بە ڕاشکاوی ئاماژەیان پێداوە، هەروەک دەستوری ئیتاڵی ساڵی (1947) دەستوری چینی ساڵی (1954) و دەستوری زۆر لە وڵاتانی تریش (الخطيب، 2004، صفحة 532).

جێگای باسە دەتوانین بڵێین، کە باڵایی و شکۆی بنەما دەستورییەکان زیاتر لە دەوڵەتە پێشکەوتوەکان دەبینرێت و درکی پێدەکرێت بە پێچەوانەی وڵاتانی جیهانی سێیەم یاخود تازە پێگەیشتووەکان، کە زۆر بە ڕون و ئاشکرا پەکخستنی بنەما دەستورییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە دبیندرێت، کە بە تێپەڕبوونی کات وایلێدێت دەستور بەتاڵ دەکرێتەوە لە ناوەرۆکەکەی، ئەمەش لەبەرئەوەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن زۆر بەرتەسک کراوەتەوە و چاودێری دادگایی لەسەر دەستوریەتی یاساکان زۆر لاوازە، بە واتایەکی تر گەرەنتییەکانی پاراستنی بنەما دەستورییەکان لە ژێر دەسەڵاتی تاکە حزبێکی حوکمڕان دایە لە دەوڵەتە سادەکانی ئەم وڵاتانەدا، تەنانەت لە دەوڵەتە فیدراڵیەکانیشدا حوکمی زۆرینە کاتێک حوکمڕانی دەکات پابەند نابێت بە دەقە دەستورییەکان هەروەک ئەوەی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا دەبینرێت. بۆیە لەم جۆرە وڵاتانەدا حوکمڕانانی دەوڵەت هەڵناستن بە هەموارکردنەوە یان ڕەتکردنەوەی دەستور بەڵکو زیاتر ڕوو لە پەکخستنی دەستور دەکەن کاتێک، کە دەبینن ئەم بنەما دەستورییانە بوونەتە کۆسپێکی یاسایی یان سیاسی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی، کە دەیانەوێت پێی بگەن.

ئەگەر سەیری مێژووی دەستوری عێراق بکەین هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و دانانی یەکەم دەستور لە ساڵی (1925) تاکو دەستوری ساڵی (2005) ئەم جۆرە پەکخستنەی دەستور بە ڕون و ئاشکرا دەبینرێت، کە وایکردوە جیاوازییەکی فراوان لە نێوان واقعی سیاسی و واقعی دەستوریدا هەبێت. بۆ نمونە دەستوری ساڵی (1925) چەندین مادەی بە کردەیی پەکخرا، هەروەک کە لە مادەی (2) دا ئاماژە بەوە دەکات، کە عێراق وڵاتێکی سەربەخۆیە و تەنازول لە هیچ بەشێکی خاکەکەی ناکرێت و حوکمرانی تیادا پاشایەتییە و شێوەکەشی نوێنەرایەتییە، بەڵام کاتێک سەیری واقعی سیاسی عێراق دەکەین ئەوە دەبینرێ، کە پەرلەمان پەکخراوە و نوێنەرایەتی تەنها شتێکی ڕواڵەتییە، بە واتایەکی تر سیستەمی سیاسی لە ڕووی کرداری و پەیڕەوکردنەوە سیستەمێکە و ئەوەی لە دەستوریش نوسراوە سیستەمێکی ترە واتە لادانێکی ئاشکرا لە دەقە دەستورییەکاندا بوونی هەیە. هەروەک دەگوترێت کە هەمو دەقە دەستورییەکانی تایبەت بوون بە سیستەمی نوێنەرایەتی لە ڕووی کردەییەوە پەکیخرابوو (نعمة، 1990، صفحة 263)، بە هەمان شێوە لە سەردەمی کۆماری دەستوری کاتی ساڵی (1958)، زۆربەی مادەکانی لە ڕووی

کردەییەوە پەکخرابوو، کاتێک کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو کات بە تەنیا حوکمڕانی عێراقی دەکرد و زۆرینەی دەسەڵاتەکانی لە ژێر دەسەڵاتی خۆی کۆکردبووەوە، کە وەزیری بەرگری و سەرکردەی هێزە چەکدارەکان بوو، ئەوەبوو پاش ماوەیەکی کورت و دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بەرکار بوونی ئەم دەستورە، سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی لە ڕووی کرداری و واقعیەوە بوو بە حوکمڕانی تاکەکەسی، هەموو دەسەڵاتەکان لە ژێردەسەڵاتی تاکە کەسێک چڕکرابوونەوە، هەمو دانیشتنەکانی ئەنجومەنی وەزیران ڕواڵەتی بوون و هەموان دەبووایە پەیڕەوی سیاسیەتی حوکمڕانی تاکە کەسێک بکەن، کە ئەمەش لە ئەنجامی پەکخستنی کردەیی زۆرینەی مادەکانی ئەم دەستورە بوو تەنانەت هەندێک پێان وابوو، کە لە تەک دەستوری (1958) کە پەکخرابوو بە کردەیی دەستورێکی عورفی تر هەبوو لە دەستوری کاتی باڵاتر بوو کاری پێدەکرا، بۆیە زانایانی دەستوری دەیانگوت کە دەستور هێز و باڵایی لە بڕیار و قسەکانی ئەم کەسە وەرگرێت (الساعدي، 1990، صفحة 192). دەستوری ساڵی (1964)ی عێراق بە هەمان شێوە بێ بەش نەبووە لە پەکخستنی کردەیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەت (العاني ص.، 1991، صفحة 61).

دەستوری (2005)ی عێراقی فیدراڵ هاوشێوەی دەستورە عێراقییەکانی پێش خۆی ڕووبەڕووی پەکخستنی کردەیی چەندین مادە بووەوە، بەڵام ئەم جارەیان دەتوانری بگوترێت بە شێوازێکی تر جیاواز لە شێوازەکانی تری دەستورە عێراقییەکانی پێش خۆی.

ڕوون و ئاشکرایە پاش ڕوخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لە ساڵی (2003) و دانان و دارشتنی دەستوری ساڵی (2005) شێوازی حوکمڕانی لە عێراق گۆڕدرا بۆ پەرلەمانی و عێراق لە دەوڵەتێکی سادەوە بوو بە دەوڵەتێکی فیدراڵی، کە لە ناوەند و هەرێمی کوردستانی عێراق پێکدێت، لە ڕووی بابەتی و ڕواڵەتییەوە دەستوری عێراقی (2005) بە دەستورێکی سەردەمیانە و پێشکەوتو هەژمار دەکرێت، کە گەرەنتی پێکەوەژیانی هەمو پێکهاتەکانی گەلی عێراق دەکات بە گوێرەی ئەو پرەنسیپە دیموکراسییانەی، کە دەستور باسی کردون. ئەگەر سەیری واقعی دەستوری و واقعی سیاسی کۆمەڵگەی عێراقی بکەین، دەبینین کە چەندین مادەی دەستوری لە لایەن زۆرینەی فەرمانڕەوایانی عێراقدا پەکخراوە، بۆ نمونە مادەی (140) کە لە دەستوردا هاتوە سەبارەت بە یەکلایی کردنەوەی ناوچە کێشە لە سەرەکان تاکو ئێستا لەسەر ئەرزی واقع جێبەجێنەکراوە و پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو ماوە یاساییەی، کە دانراوە بۆ جێبەجێکردنی، کەواتە دەتوانرێ بگوترێ ئەم مادەیە لە ڕووی کردەییەوە لە لایەن دەسەڵاتی زۆرینەی فەرمانڕەوا لە عێراقی فیدراڵدا پەکخراوە. هەروەها پەکخستنی مادەی (65) سەبارەت بە پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی، کە تاکو ئێستا بە پێچەوانەی مادەی (48)ی دەستور، کە ئەم مادەیە بە ڕون و ئاشکرا دەڵێت: دەسەڵاتی یاسادانان لە هەردو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی پێکدێت، بەڵام تاکو ئێستا ئەنجومەنی نوێنەران بە تاکلایەنە یاساکان

دەردەکات؛ ئەم ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوانەی لەم بارەوە لەلایەن یاساناسانەوە نوسراون ئاماژە بەوە دەکەن، کە زیاتر لە (٦٠) مادەی دەستوری (2005) عێراقی پەکخراوە .

سەبارەت بە ڕەوایەتی یاسایی پەکخستنی کردەیی دەستور یاساناسانی بواری دەستوری کۆکن لەسەر ئەوەی، کە پەکخستنی کردەیی لە لایەن دەسەلاتی فەرمانڕەوا لە وڵات پێشێلکردنی شکۆ و باڵایی دەستورە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پێشێلکردن و داڕمانی پرەنسیپی ڕەوایەتی یاسایی لە دەوڵەتدا .

جێگای باسە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژە بە ناڕەوایەتی پەکخستنی کردەیی و سیاسی دەستور دەکەن و بە سەرپێچییەکی ترسناک بۆ سەر پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەژماری دەکەن) ڕێنماییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە دەسەلاتی یاسا، بەڵگەی نەتەوە یەکگرتوەکان A/RES/67/1 (2012)، ل. 15-17(، گومان لەوەدا نییە کە یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ جەخت لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکاتەوە، کاتێک دەسەلاتی حوکمڕانی دەوڵەت دەقە دەستورییەکان بە کرداری پەکدەخات، کەواتە پێشێلی ئەم مافانە دەکات، کە جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ (1948) ئاماژەی پێداوە، هەروەک لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت: " باوەڕ بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کەرامەت و نرخی تاک" . مادەی سێیەم دەڵێت: "هەر تاکێک مافی ژیان و ئازادی و سەلامەتی کەسی خۆی هەیە". هەروەها پەکخستنی دەستور دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی دەسەلاتەکان لە دەستی یەک کەس، ئەمەش بنەمای جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان پێشێل دەکات، کە بەڵگە نێودەوڵەتییەکان پەسەندیان کردووە. مادەی (21)ی بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت: "ویستی گەل سەرچاوەی دەسەلاتی حکومەتە"، ئەمەش لە دۆخی پەکخستنی دەستوردا ناکرێت بەدیبهێنرێت، لەبەرئەوەی ڕەزامەندی گەل بەم دەستورەی دەنگی لەسەر داوە هیچ بەهایەکی نامێنی و حکومەتێکی نا شەرعی و نا دەستوری لێ دروست دەبێت .

لە لایەکی تر پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی (1966) لە مادەی دووەمدا دەڵێت: دەوڵەتانی ئەندام پێویستە "ڕێز لە مافەکانی دانپێنراو لەم پەیماننامەیەدا بگرن بۆ هەمو تاکەکانی ناو خاکەکەیان و ژێر دەسەلاتیان". هەروەها مادەی چوارەم دەڵێت: "لە دۆخی تەنگەتاوی نائاساییدا، کە ژیانی هاوڵاتییانی وڵاتەکە مەترسی دەکەوێتە سەر و بە فەرمی ڕاگەیەندراوە، دەکرێت دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە، لە تەنگترین سنورەکانی پێویستی دۆخەکەدا، ڕێکارەکان بگرنە بەر کە ...". ئەم دەقە جەخت دەکاتەوە، کە هەر ڕاگرتنێک بۆ مافە دەستورییەکان دەبێت کاتی و سنوردار بێت و بە یاساییش ڕونبکرێتەوە. هەروەها لە مادەی پێنجەمدا دەڵێت: "لەم پەیماننامەیەدا هیچ حوکمێکی تیا نییە، کە لێکدانەوەی بکرێت بە جۆرێک مافی هەر دەوڵەتێک یان گروپێک یان کەسێک بگرێتەوە بۆ ئەنجامدانی هەر چالاکییەک یان کارێک، کە ئامانجی لەناوبردنی ماف و ئازادییە دانپیانراوەکانی ئەم پەیماننامەیە بێت". ئەمە واتای

ئەوەیە، کە دەوڵەتان ناتوانن دۆخی فریاگوزاری بەکاربهێنن بۆ پەکخستنی مافە دەستورییەکانیان بە شێوەیەکی ڕەها.

بە پێی مادەکانی بەرپرسیاریەتی نێودەولەتی دەولەتان بۆ کردەوە نارەواکانیان، هەر پێشێلکارییێک بۆ سەر ئەرکە نێودەولەتییەکان بەرپرسیاریەتی نێودەولەتی لێدەکەوێتەوە ( یاسای بەپرسیاریەتی نێودەولەتی دەولەتان لە کردارە نارەوایە نێودەولەتییەکان (٢٠٠١). پەکخستنی دەستور پێشێلکارییێکی ڕونە بۆ ئەم ئەرکانە.

هەرچەندە میکانیزمەکانی چاودێری نێودەولەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن، لە ڕێگرتن لە پەکخستنی دەستورەکان، هەروەک لە مادەی (40)ی پەیماننامەی نێودەولەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ئەرکی دەولەتان دەخاتەڕوو بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی خولانە دەربارەی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە. ئەم میکانیزمە دڵنیا کەرەوەیە بۆ چاودێری بەردەوام بۆ دۆخی مافە دەستورییەکانی دەوڵەتان. بۆ هەمان مەبەست بەڵگەنامەی کۆتایی لوتکەی جیهانی ساڵی (2005) سەبارەت بە پرەنسیپی بەرپرسیاریەتی پاراستن. ئاماژە بەوە دەکات، کە کۆمەڵگای نێودەولەتی بەرپرسیاریەتی بە کۆمەڵ هەڵدەگرێت بۆ پاراستنی مافە دەستورییەکان، کە پاراستنی دانیشتوان لە سەرپێچی مافەکانی مرۆڤ دەگرێتە خۆی.

لەسەر ئاستی هەرێمایەتیش چەندین بەڵگەنامەی نێودەولەتی بوونیان هەیە، کە جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە دەنگی هاولاتیان دەکاتەوە، کە بە شێوەیەکی دیموکراسی دەستوری ولاتیان پەسەند کردوە و لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد و شەفاف گەیشتونەتە دەسەلات بە مەبەستی بەڕێوەبردنی دەولەت، لەم بەڵگەنامانەش هەروەک میساقی ڕێکخراوی ولاتانی ئەمریکی (١٩٤٨) کە جەخت لەسەر پرەنسیپەکانی دیموکراسی بەڕێوەبردنی دەولەت دەکاتەوە، هەروەها ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی (OSCE) کە جەخت لەسەرگرنگیدانی زیاتر بە دیموکراسیەت و هەڵبژاردن دەکاتەوە، وەک ڕێگە چارەیەک بۆ زامنکردنی مافی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی دەولەتدا، بە هەمان شێوە میساقی ئەوروپی، کە بە ڕێکەوتنامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ (ECHR)ی ساڵی (١٩٥٠) ناوزەد دەکرێت و میساقی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤی ساڵی (١٩٨١) و میساقی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤی ساڵی (٢٠٠٤)، بە تێکرا تیشکیان خستۆتە سەر پاراستن و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە گشتییەکان.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین پەکخستنی کردەیی دەستور پێشێلکارییێکی بەرچاوە بۆ پێوەرە نێودەولەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و دەسەلاتی یاسادانان، کە میساقی نەتەوەیەکگرتوەکان و پەیماننامە نێودەلەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بە تایبەت ئەو مادە و برگانەی، کە دەولەتان پابەند دەکەن بە زامنکردن و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکانی تاکەکان، هەر بۆیە هیچ دەولەتێک ناتوانێت پاساو بۆ پەکخستنی کردەیی دەستورەکەی بهێنێتەوە لە ژێر هیچ دۆخێکدا بەبێ پشت بەستن بەو مەرجانەی یاسای نێودەولەتی ئاماژەی پێداون. پاراستنی دەستور و بەردەوامی کارکردن بە حوکمەکانی دەستور تەنها بابەتێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو ئەرکێکی

نێودەوڵەتییە، کە پێویستە هەمو دەوڵەتان ڕێزی تەواوی لێبگرن و پابەندبن پێیانەوە، لەبەرئەوەی بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە ئامانجی سەرەکی نەتەوەیەکگرتوەکانە بەدینایەت ئەگەر هەمو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتوەکان پابەند نەبن بەم پابەندکارییانە، وەک پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ ئازادییە گشتییەکان؛ هەروەها پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوام بێت لە چاودێری و دڵنیاکردنەوەی ڕێزگرتن لەم بنەما بنەڕەتییانەی حوکمڕانی دیموکڕاسی لە دەوڵەتاندا.

## کۆتایی

پاش کوتاییهاتن بە نوسینی توێژینەوەکەمان لە ژێر ناونیشانی ( ڕەوایەتی پەکخستنی کردەیی دەستور بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان) بۆمان دەرکەوت، کە واتای پەکخستن تەنها بریتی نییە لە پەکخستنی فەرمی دەستور بەڵکو چەند جۆرێکی تریشی هەیە، وەک پەکخستنی سیاسی و کردەیی، هەروەها باسمان لەوە کرد، کە ئایا کامە جۆر لە پەکخستن ڕەوایەتی یاسایی هەیە بە تایبەتی تیشکمان خستۆتە سەر پەکخستنی کردەیی دەستور، لە کۆتایید گەیشتینە چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەک، کە لە خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:

یەکەم: ئەنجامەکان :

1. بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر پەکخستنی دەستور بە گوێرەی ئەو ڕێکارانە ئەنجامدرا، کە خودی دەستور ئاماژەی پێداوە و لە لایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ڕاگەیاندار ئەوە پێی دەگوترێت پەکخستنی فەرمی، کە ئەمەش یان لە ڕێگای پەنابردن بۆ ئەحکامە عورفییەکان  یان لەباری تەنگەتاو  یاخود لە ئەنجامی سەرهەڵدانی قەیرانە تایبەتەکان ڕوودەدات، ئەم جۆرە پەکخستنە ڕەوایەتی یاسایی دەبێت لەبەرئەوەی لە ژێر ڕۆشنایی دەقێکی دەستوری ئەنجامدراوە و ڕاگەیاندراوە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت لەو ماوەیەدا تاکو ئەم بارودۆخ و قەیرانانەی ڕووبەڕووی وڵات بوونەتەوە تێپەڕ دەبێت و نامینێت .
2. پەکخستنی نافەرمی دوو جۆر لەخۆ دەگرێت، کە ئەویش پەکخستنی سیاسی و پەکخستنی کردەییە، لە جۆری یەکەمدا ئەوانەی جڵەوی حوکمڕانییان گرتۆتە دەست زۆر جار بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕایدەگەیەنن کە دەستور پەکخراوە، بەڵام لە جۆری دووەمدا، کە پەکخستنی کردەیی دەسەڵاتداران یان فەرمانڕەوای دەوڵەت بەبێ ئەوەی ڕایبگەیەنێت کارکردن بە بەشێک یان بە هەمو دەستورەکە ڕادەگرێت. لە هەردوو حاڵەتەکاندا ئەم جۆرە پەکخستنە دەبێتە داڕمان و ڕێزنەگرتن لە بنەما دەستورییەکان، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشێلی پرەنسیپی ڕەوایەتی یاساییە.

3. دەستور لە عێراقدا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و دانانی یەکەم دەستور لە ساڵی (1925) تاکو ئێستا، دەستوری (2005) بێ بەش نەبووە لە پەکخستنی کردەیی باشترین نمونەش لە ئێستا پەکخستنی مادەی (140) کە تایبەتە بە یەکلاییکردنەوەی ناوچە جێ ناکۆکەکان و مادەی (65)ی تایبەت بە پێکهێنانی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان بە ناوی ئەنجومەنی فیدراڵی یان ئیتحادی پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ زیاتر لە (٦٠) مادە پەکخراون.
4. بە پێی ئەو پێوەرە نێودەوڵەتییانەی، کە خستمانەڕوو، پەکخستنی دەستور پێچەوانەی ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەتانە بە تایبەت پێشێلکردنی ئاشکرای ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییانە.

دووەم: ڕاسپاردە:

1. پێشنیار دەکەین لە کاتی هەموارکردنەوەی دەستوری عێراقی بۆ ئەوەی چیتر دەقە دەستورییەکان پەکنەخرێن بە کردەیی لەلایەن حوکمڕانانی عێراق و بۆ ڕێزگرتن لە شکۆ و باڵایی دەستور و لانەدان لە پرەنسیپی ڕەوایەتی یاسایی، بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدرێت بە پەکخستنی دەستوری ئەو مادە دەستورییانەی، کە پەیوەستن بە ماف و ئازادی تاکەکان و پێکهاتەکانی گەلی عێراق، هەروەها دەسەڵات بدرێت بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ بتوانی لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی کۆمار بکات لە کاتی پەکخستنی مادە دەستورییەکاندا.
2. پێشنیار دەکەین، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگای میکانیزمەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی کاراتر و بە واقعی بەرپرسیاریەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بخاتە ئەستۆی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و پەیوەستی بکات بە پەکنەخستنی زیاتری مادە دەستورییەکانی دەستوری عێراقی (2005)، بە تایبەت نەتەوەیەکگرتوەکان پێویستە فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ پەکنەخستنی مادە دەستورییەکان.

## سەرچاوەکان


یەکەم: قورئانی پیرۆز

دووەم: فەرهەنگ

1. الانصاري، جمال الدين ابن منظور (1956). لسان العرب. بيريت، لبنان: دار صادر للنشر
2. الرازي، محمد بن أبي بكر بن عبد القادر (1982). مختار الصحاح. كويت: دار الرسالة.

3. الفيومي، أحمد بن محمد بن علي (1950). المصباح المنير. قاهرة، مصر: مطبعة مصطفى البابي الحلبي.


سێیەم: پەرتوک

1. البستاني، عبدالله اسماعيل (1961). مساهمة في اعداد الدستور الدائم و قانون الانتخاب. بغداد: مطبعة الرابطة.
2. البسيوني، عبدالغني عبدالله (1985). مباديء العامة القانون الدستوري. بيروت: دار الجامعية.
3. الجاف،سيروان حامد احمد(2017). شرعية الحكومات واليات حمايتها، مصر،دار الكتب القانونية.
4. الجمل، يحى (1988). نظرية الظرورة في القانون الدستوري و بعض تطبيقاتها المعاصرة. قاهرة: دار النهضة العربية.
5. الحلو، ماجد راغب (1986). القانون الدستوري، اسكندرية: دار المطبوعات الجامعية.
6. الحلو، ماجد راغب (2005). القانون الدستوري. الاسكندرية: منشاة المعارف.
7. الخطيب، نعمان احمد (2004). الوسيط في النظم السياسية و القانون الدستوري. عمان: جامعة مؤتة.
8. الدراجي، جعفر عبد السادة (2009). تعطيل الدستور دراسة مقارنة. عمان: دار الحامد.
9. الساعدي، حميد (1990). مباديء القانون الدستوري و تطور النظام السياسي في العراق. الموصل: مطابع دار الحكمة.
10. الشاعر، رمزي (2005). النظرية العامة للقانون الدستوري. قاهرة: دار النهضة العربية.
11. الشاوي، منذر (1981). القانون الدستوري نظرية الدولة. بغداد: منشورات مركز البحوث القانونية.
12. الطماوي، سليمان (1988). النظم السياسية و القانون الدستوري. قاهرة: دار النهضة العربية.
13. العاني، حسان محمد شفيق (1986). الانظمه السياسيه و الدستوريه المقارنه. بغداد: مطبعة جامعة بغداد.
14. العاني، علي غالب والكاظم. صالح جواد (1991). الانظمة السياسية. بغداد: مطبعة دار الحكمة.
15. العاني،علي غالب ولطيف.نوري (1981). القانون الدستوري. بغداد.
16. جمال الدين، سامي (2005). النظم السياسية والقانون الدستوري. اسكندرية: منشاة المعارف.
17. عمر، خاموش. (2022). الانفصال في ضوء الأنظمة الدستورية المقارنة. لبنان. منشورات زين الحقوقية

18. شيحا،ابراهيم(1983). القانون الدستوري. بيروت: دار الجامعية للطباعة و النشر.
19. علي،احمد مدحت (1987). نظرية الظروف الاستثنائية. قاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.
20. فهمي، عادل (2004). القانون الدستوري المقارن. القاهرة.
21. مار.فيب (2009). تاريخ العراق المعاصر. قاهرة: مكتبة المصر للمطبوعات.
22. متولي، عاطف. (1966). القانون الدستوري و الانظمة السياسية. قاهرة: دار المعارف.
23. نعمة، كطران زغير، المفرجي.احسان و الجدة. رعد ناجي (1990). النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام السياسي في العراق. بغداد، عراق: مطبعة الحكمة.
24. هيكل،محمد حسنين(1983). القانون الدستوري و الانظمة السياسية. القاهرة: مطبعة دار النهضة العربية.

چوارەم: دەستورەکان:

1. دەستوری عێراقی سالی 1925
2. دەستوری کاتی عێراقی سالی 1958
3. دەستوری عێراقی سالی 1968
4. دەستوری عێراقی سالی 2005
5. دەستوری فەرەنسی 1875
6. دەستوری فەرەنسی 1894
7. دەستوری فەرەنسی 1958
8. دەستوری ئەڵمانی 1919
9. دەستوری تورکی 1982
10. دەستوری سودانی 1988
11. دەستوری یوغسلافی 1963
12. دەستوری هیندی 1949
13. دەستوری کوەیتی 1962
14. دەستوری ئیماڕاتی 1971
15. دەستوری قەتەڕی 1972
16. دەستوری بەحرێن 1973
17. دەستوری سەنیگال 1976
18. دەستوری گابۆن 1975
19. دەستوری مالی 1974
20. دەستوری مەغریب 1972
21. دەستوری کامیرۆن 1978

22. دەستوری ئیتالی 1947
23. دەستوری سینی 1954

پێنجەم: بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان
1. ميثاق الأمم المتحدة
2. مبادئ الأمم المتحدة التوجيهية بشأن سيادة القانون، وثيقة الأمم المتحدة A/RES/67/1 (2012)
3. العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية(1966)
4. الإعلان العالمي لحقوق الإنسان(1948)
5. الاتفاقية الاوربية لحقوق الانسان 1950
6. الميثاق الافريقي لحقوق الانسان 1981
7. الميثاق العربي لحقوق الانسان 2004
8. الميثاق الأمريكي لحقوق الانسان 1948
9. مواد مسؤولية الدول عن الأفعال غير المشروعة دولياً، لجنة القانون الدولي(2001)
10. الوثيقة الختامية لمؤتمر القمة العالمي لعام 2005، قرار الجمعية العامةA/RES/60/1 ، الفقرات 138-140.

شەشەم: پێگەی ئەلکترۆنی
1. العمامي. مدحت مبارك (2023) ظاهرة الانقلابات العسكرية في إفريقيا: أسبابها وآثارها على الدولة والمجتمع،بحث منشور في المجلة الإفريقية للدراسات المتقدمة في العلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد الثالث،2024. منشور على الموقع الالكتروني التالي: https://aaasjournals.com/index.php/ajashss/article/view/924/841.last visited 25-4-2025
2. پێشێلکارییەکانی دەستور لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە بەڵگەوە بەم شێوەیە عێراق دەستوری بەتاڵ کرد لە ناوەرۆکەکەی، ڕاپۆرتێکە، لەلایەن کۆمەڵێک شارەزا و پرۆفیسۆری یاسا و یاسای دەستوری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکراوە، بە تەواوی کۆمەڵێک مادە و برگە دەستورییەکانی لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە پێشێلکراون. لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی خوارەوە بەردەستە: https://www.kdp-fro.krd/ar/article/1318 last visited 25-5-2025

# شرعية التعطيل العملي للدستور وفقاً للمعايير الدولية: الدستور العراقي لعام 2005 كمثال

الملخص

تواجه القواعد الدستورية أحياناً ظروفاً تجعل تطبيقها مستحيلاً، وتختلف خطورة هذه الظروف حسب درجة تأثيرها على الأمن وكيان الدولة ووحدة أراضيها. لمواجهة هذه الأوضاع الاستثنائية، يتخذ الحكام إجراءات خاصة لمعالجة تلك الحالات والمخاطر التي تنعكس سلباً على بقاء وسمو القواعد الدستورية، وذلك من خلال تعطيل جزء من الدستور لفترة محددة وفقاً للاجراءات والمواد الواردة في محتوى الوثيقة الدستورية، وهذا ما يُطلق عليه التعطيل الرسمي أو الطبيعي.

لكن أحياناً يتم تعطيل الدساتير كلياً أو جزئياً من قبل الحكام دون وجود نص دستوري؛ و لمعالجة الوضع الذي فرضه الواقع ، يجبر الحكام على اللجوء إلى هذا التعطيل، وبما أن هذا التعطيل لا يستند إلى أساس دستوري، فإنه يصبح تعطيلاً غير رسمي وغير مشروع، مثل التعطيل السياسي والتعطيل الفعلي.

و هذا يتعارض مع المبدأ العام في القانون الدولي الذي يعتبر التعطيل الفعلي غير مشروع لأنه يتعارض مع سيادة القانون والديمقراطية وحقوق الإنسان، ويشكل انتهاكاً لحقوق الإنسان وزعزعة للوضع السياسي والاجتماعي في المجتمع.

الكلمات المفتاحية للبحث: التعطيل، الدستور، التعديل، الالغاء، الفعلي، الرسمي